# له پێناو گەڕاندنەوەی گۆڕە بەکۆمەلەکانی گەلەکەمان بۆ کوردستان..

هاوڕێیانو دۆستانی ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردنو جینۆسایدی گەلی کورد (چاك)

سلاوتان لێ بێ

لە رێکەوتی 2005/9/3 لەسەر داوای جۆن باتشی بەرپرسی نوسینگەی مافی مرۆڤ و نێردەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ عێراق ( یۆنامی) لە بارەگای UN لە شارۆچکەی عەنکاوە هەولێر , کۆبونوەیەك لەگەڵ نوێنەرانی رێکخراوو کۆمەلەکانی ناحکومی بەرێوەچوو, سەرەتا ئاباتشی ئامانجی ئەو کۆبونەوەو یەرنامەی ئاییندەو سەرلەنوێ چالاکی نواندتی رێکخراوەکەی خستەڕوو, پاشان گوێی بۆ یەکە یەکە نوێنەرانی بانگهێشتکراو راگرت, تا باس لە کارو چالاکی خۆیان بکەنو, تا پێکەوە هەماهەنگی بکەن لە باشتر جێبەجێکردنی بەرنامەکانی UN , هەروەك ئاباتشی رایگەیاند: کە لە ئاییندەدا لە پال دامەزراوەکانی حکومی هەروا هەماهەنگی لەگەڵ رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەکەن , پاشان بەشێك لە بەرنامەکانی بە وردی رونکردەوە , کە تایبەت بوو بە کارەساتو مەینەتییەکانی رابردوی گەلانی کوردستانو عێراق, چۆنیەتی چارەسەرکردنی چارەنوسی ونبوانو گۆڕە بە کۆمەڵەکان چاودێیکردنی مافەکانی مرۆڤ لەوانەش مافی مندالٚ, ئافرەت, خاوەن پێداویستییە تایبەتیەکان, گیراوەکانو کەسوکاری لێقەوماوانو .. تاد

نوێنەرانی ناوەندی هەڵەبجە سەدرەدین خۆشناو و سەلاح مەزن چالاکانە بەشدارییان لەو کۆبونەوەیە کردو بە راو پێشنیاری بەجێ

دەربارەی چۆنیەتی هەلسوکەوتکردن لەگەڵ ئەو پرسە گرنگە نەتەوەیی‌و مرۆییە بەرچاورونیاندا

بە ئاباتشی‌و,کارو چالاکی ناوەندی هەلەبجە (چاك) یان لەو بارەیەوە خستەڕوو, کە جێگای بایەخپێدانی ناوبراو نوێنەرانی دیکە بوو, , بە تایبەتیش کارکردنی چاك لەسەر ئاستی ناوەوەو دەرەوەی کوردستان بۆ:

- ئاشکراکردنی چارەنوسی ئەنفاکراوەکانی گەلەکەمان.
- کۆکردنەوەی دیکۆمێنت دەربارەی شالاوەکانی ئەنفال‌و گەیاندنی بە رای گشتی نێونەتەوەیی.
- دادگاییکردنی تاوانبارانی کیمیاباران, ئەنفال‌و مەینەتییەکانی دیکەی گەلەکەمان و مرۆڤایەتی, لە سەروی هەمویان سەدام حوسێن‌و عەلی کیمیاوی‌و تاوانبارانی دیکە, کەتاوانیان دژ بە گەلەکەمان‌و سەرجەم مرۆڤایەتی ئەنجام داوە, لەوانەش ئەو تاوانبارانبارانەی کە چەکیان بە رژێم فرۆشتوە.
- دۆزینەوەی گۆڕەکانی بە کۆمەڵ‌و گواستنەوەیان بۆ زێدی خۆیان, بە جۆرێك بگوازرێنەوە کە بەهای مرۆیی تەرمەکان رێز لێبگیرێ, بەشێوەیەکی هونەری‌و شارەزایی کار لەگەڵ لاشەکان بکرێ.
- پێشکەشکردنی باشترین خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی, کەلتوری, ژیاری و..تاد.. بە کەسوکارو خێزان‌و رۆڵەی بێنازراگیراوی کیمیابارانو و ئەنفالکراوەکانی گەلەکەمان.
- ئەوەو پاشان لە لایەن ئاباتشی داوا لە سەلاح مەزن کرا کە لەو کۆبونەوەیە بەشداری بکات کە رۆژانی 25تاوەکو 28 ئەیلولی 2005 لە عەمان ی پایەتەختی ئوردن لە لایەن وەزارەتی مافی

مرۆڤی عێراقیو UNAMI بەڕێوە دەچێت, بۆ گفتوگۆو تاوتوێکردنی چۆنیەتی دامەزراندنی ( بنکەی نیشتمانی ونبوو بێسەروشوێنکراوانی عێراق) هەروەك لە خوارەوەش بەشێك لەو وێنەی بانگێشەی ئاباتشی دەخەینە روو

- کە تێدا داوا دەکات , بەشداری لە دەوڵەمەندکردنی ئەو کۆبونەوەیە بکەن, ئێمەش لە ناوەندی هەڵەبجە چاك

داوا لە گشت شارەزاوو دڵسۆزانی گەلەکەمان دەکەین, کە بە پێشنیار رێنمایی خۆیان هاوکاریمان بکەن, بۆ ئەوەی نوێنەری چاك کە نوێنەری هەموو لایەکتانە , لە سەرویانەوە نوێنەری نوێنەرایەتی کەسوکاری ئەنفالکراو قوربانییەکانی گەلەکەمان دەکات, بۆ ئەوەی لەو کۆبونەوەیەی عەمان بتوانێ بە باشترین شێوە داکۆکی لەو پرسە پیرۆزەی گەلەکەمان بکاو لێوەشاوانە لە دامەزراندنی ئەو بنکەیە بە راو پێشنیاری بەجێ بەشداری بکات, بە جۆرێك کە لە بەرژەوندیو قازانجی کەسوکاری سەربەرزی گۆڕەبەکۆمەڵەکانی گەلەکەمان دابێ, دەکرێ پێشنیارو رێنماییەکانتان لە رێگای ئەو ئیمێلەوە بنێرن بەسوپاسەوە:

- 
- chak_kurdistan@yahoo.com
- 
- chak_org@yahoo.com
- 
- بەشێك لە نامەکەی وئاباتشی کەوا ئەو تەوەرانەی دەستنیشانکردوە کە لە کۆبونەوەکە باس دەکرێن:

**<u>المركز الوطني للمفقودين والمغيبين في العراق</u>**

نيابة عن وزارة حقوق الإنسان ومكتب حقوق الإنسان التابع لبعثة الأمم المتحدة لمساعدة العراق (يونامي)، يسرني أن أعلن عن انعقاد اجتماع جمعيات اسر المفقودين والمجموعات المهتمة الأخرى المعنية بإقامة المركز وطني للمفقودين والمغيبين في العراق. ونستذكر انه بموجب المرسوم رقم 18 الصادر في 20 فبراير 2005، طلبت الحكومة العراقية من وزارة حقوق الإنسان وبعثة الأمم المتحدة لمساعدة العراق – مكتب حقوق الإنسان القيام بإجراءات إقامة المركز الوطني للمفقودين والمغيبين في العراق.

سيعقد الاجتماع في عمان في الفترة الواقعة بين 25 – 28 سبتمبر 2005. ويدعم برنامج الأمم المتحدة الإنمائي في العراق

هذا الاجتماع الذي سيكون على جدول أعماله ما يلي:

1. تحديد دور ومشاركة الأسر في المركز الوطني.
2. تقديم توصية بخطة عمل تقود الى إنشاء المركز الوطني وبالتحديد:
   1.2 تشكيل لجنة تسييرية لمتابعة خطى تأسيس المركز الوطني رسميا.
   2.2 تحديد أسس عمل اللجنة التسييرية.

ونذكر ان الحكومة العراقية بقرارها إقامة المركز الوطني أوضحت ان المركز سيتابع مصير العراقيين المفقودين وسيقدم المساعدة لأسرهم لتحديد مصير هؤلاء الأشخاص. وعليه مشاركتكم ضرورية لإنجاح هذا الاجتماع والمركز الوطني أيضا. ومشاركتكم بخبراتكم ستكون مساهمة هامة في تحقيق هذا الجهد الهام.

**ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد (چاک)**